9727 جار خوێندراوەتەوە

- ماڵەوە
- لەبارەی ئێمەوە
- هەواڵی یەکگرتوو
- هەواڵی کوردستانی
- هەواڵی عێراقی
- هەواڵی جیهانی
- جیهانی ئیسلامی
- زانست و تەکنەلۆژیا
- هەواڵی وەرزشی
- هەواڵی گشتی
- بڵاوکراوەکان

8425819 1

## یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

( حزبێکی ئیسلاحی نیشتمانییە ، تێدەکۆشێت لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیریەکانی کۆمەڵگە لە دیدێکی ئیسلامیەوە ).

### دروشمی یەکگرتوو بریتیە لە:

1.هیلالێک دوو دەستی لێک هەڵپێکراوی گرتۆتە خۆ و چیایەک کە بەفر لوتکەکەی داپۆشیووە .
2.ووشەکانی دروشم :
( ئازادی ، برایەتی، دادپەروەری ) .

### **<u>بنەما گشتیەکانی یەکگرتوو:</u>**

1- بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام مەرجەعی کاری سیاسی و سەرچاوەی لێوەرگرتنی بەهاکانە.
2- ئیسڵاح دیدێکی دیاریکراوە بۆ کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو گۆڕانی ئاشتی خوازانە .
3- عەدالەت زامنی مافەکانی تاک و کۆمەڵگەو پێوەری پۆڵێنکردنی دەسەڵاتەکانە .
4- کەلەپوور و میژووی ئیسلامیی ئەزموونێکی بەشەری سنووردارە بەکات و شوێن لە مێژوودا و رادەی سوود لیَ وەرگرتنی پەیوەستە بە ئاستی وەڵامدانەوەی بۆ پێداویستو کێشەکانی سەردەم.
5- تێگەیشتنی (مقاصد)یانە بۆ ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامی، رێبازێکە بۆ لە خۆگرتنی سەردەم و چارەسەرکردنی قەیرانی فکریی .
6- شورا بەهایەکی باڵای ئیسلامە و جێبەجێبوونی لە ژیانی سیاسی هاوچەرخدا ، پەیوەستە بە سوود وەرگرتن لە میکانیزمی دیموکراسی وەک شێوازێکی عەمەلی بۆ گەیشتن بە بڕیارە حکومیەکان و هێنانەدی شەرعیەت و بەشداری سیاسی و دەستەبەرکردنی ئازادیەکان .
7- قەبووڵکردنی فرەیی و دەرهاویشتەکانی و ئاڵ و گۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لەرێی هەڵبژاردنی گشتیەوە.
8- گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و لەرێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە و بە گوێرەی دەستوورێکی مەدەنی فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیدا دەکات .
9- ئازادی بەهایەکی ناوەندیی مرۆڤایەتیەو بەرجەستەکاری رێزگرتنی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤ.
10- تیرۆرو توندرەوی پێچەوانەی گیانی ئیسلام و سەرچاوەی هەرەشەن بۆ سەر عێراق و کوردستان و ژیانی گەلان .
11- ئازادی بیروباوەڕو ئاین لە مافە خواپێداو و بنەڕەتیەکانی مرۆڤن و پێویستە یاسا بۆ هەموو تاکێکی مسۆگەر بکات.
12- خوای گەورە مافی ژیان و ئازادی و گەڕان بەشوێن بەختیاریدا بەهەموو مرۆڤێک بەخشیوەو بۆ هیچ کەس و هێزیَ نیە لێی زەوت بکات.
13- ئافرەت و پیاو دوو رەگەزی تەواوکاری یەکتر و لە ماف و کەرامەتدا یەکسان بەرەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانەوە .
14- گەلی کورد لە رووی نەتەوەییەوە نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و، لە رووی ئاینیشەوە بەشێکە لە ئوممەتی ئیسلامی و مافیِ یەکسانیشی لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی تردا هەیە بە مافی چارەنوسیشەوە .ئیسلام و کوردبوون و کوردستانی بوون سیَ ڕەگەزی سەرەکی ناسنامەی گەلی کوردستانن .
15- راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد لە مێژوودا کاردانەوە بوون بەرامبەر ستەم و نابەرامبەری و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە خوراوەکانی نەتەوە.
16- فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و سیاسی لە کوردستاندا لە سایەی گیانی بەیەکەوە ژیاندا ، سەرچاوەی هێزو دەوڵەمەندی گەلی کوردستانە.
17- هەموو ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەژین بە جیاوازی ( انتما )ی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و سیاسی پێویستە لە مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان بەهرەمەندبن.
18- رەتکردنەوەی بەسەرخۆدا داخران بەناوی رەسەنایەتی و، لە فەرهەنگی بەرامبەردا توانەوەش بە ناوی مۆدێرنەوە و دانانی کارلێکردنی رۆشنبیری و ژیاری بەرێگای گەشەکردن و تازەگەری راستەقینە.
19- حیوار بەهایەکی ئیسلامیی و شێوازێکی شارستانیانەی چارەسەرکردنی کێشەکانە بۆ وەلانانی توندو تیژی و یەکتری رەتکردنەوە.
20- میانەڕەوی لەبیرکردنەوەو رەفتاردا داوایەکی ئیسلامیی و پێداویستیەکی ژیانی سەردەم و واقیعی کوردستان و عێراقە .
21- ستەمکاربو تاکڕەوی سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری خراپەکاری و دواکەوتوویەکانی رابردوو و ئێستای ناوچەکەن و روبەرووبوونەوەیان ئەرکێکی ئیسلامی و ئەخلاقی و نیشتمانی سەرجەم گەلانی ناوچەکە و بزاڤە سیاسییەکانیەتی.
22- حکومەت دەزگایەکی مەدەنی بێلایەنە لەبەرامبەر تەوژمە فکری و سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگاو زەمینەیەکە بۆ کاری هاوبەش و پێکەوە ژیان کە مەرجی هاتنەدی کۆمەڵگای مەدەنی و گەشەکردنی سیاسیە.
23- رەتکردنەوەی دەمارگیری و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و تایەفەگەری لە کوردستان و عێراقدا.
24- پەروەردەیەکی ئیسلامیی راستەقینە هۆکاری پێگەیاندنی هاووڵاتییەکی ( ێالح )و فەرمانڕەوایی پێگەیشتووە.

### **<u>ئامانجەکانی یەکگرتوو:</u>**

#### **<u>یەکەم/بواری سیاسی :</u>**

### أ- مەسەلە کوردستانییەکان:

1- تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان کە لەم قۆناغەدا لە بەدەستووری کردنی فیدراڵیەت وچەسپاندنی مافەکانی تردا بەرجەستە دەبێت.
2- کارکردن لە پێناو سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتی(پاکتاوکردنی ڕەگەزی) و(دەرکردن)و( ڕاگوێزان) لەکوردستاندا .
3- هەوڵدان بۆ دیاری کردنی ڕەسمیی چارەنووسی ئەنفالەکان و قەرەبووکردنەوەی کەس و کاریان و دیاری کردنی ڕەمزێکی نیشتیمانی بۆیان.
4- هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی دەستی ڕژێمی بەعس وەک قوربانیانی کیمیاوی و... هتد .
5- هەوڵدان لە پێناو بەهێزکردنی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێی گۆڕانی بۆ دەزگایەکی خاوەن دەسەڵات کە بتوانێ ئەرکە سەرەکییەکانی یاسادانان و چاودێری و لێپرسینەوەی حکومەت و پریاردانی بوودجە و نوێنەرایەتی کردنی گەل لەمەسەلە چارەنوسسازەکاندا ڕاپەڕێنێ .
6- داکۆکیکردن لە دۆزی کورد لەبەردەم ڕای گشتی و لەکۆڕ وکۆمەڵە عەرەبی و ئیسلامیەکانداو نیشاندانی گەلی کوردستان وەک گەلێکی خاوەن ماف و کێشەیەکی عادیلانە بە مەبەستی پشتیوانی لێکردنی.
7- داکۆکیکردن لە دروستکردنی پەیوەندیەکی هاوسەنگ لە نێوان گەلی کوردو گەلانی دراوسێداو هەوڵدان بۆ قوڵکردنەوەی پرۆسەی گفتوگۆی کوردی عەرەبی و کوردی فارسی و کوردی تورکی کە دەبنە مایەی ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوە ژیانی گەلانی ناوچەکە.
8- پشتیوانی کردن لە خەباتی گەلی کوردستان لە پارچەکانی تری کوردستاندا لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەکەیان .
9- هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردن لە شوناسی نەتەوەیی و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە لەبەردەم ڕووە سلبیەکەی تەوژمی جیهانگیری.
10- پشتیوانی کردن لەمافەسیاسی و مەدەنی و ڕۆشنبیریەکانی گەلی تورکمان .
11- پشتیوانی کردن لە مافە سیاسی و مەدەنی و ڕۆشنبیریەکانی نەتەوەی کلدو ئاشوور.
12- هەوڵدان بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی و بەپێی بەڵگە مێژووییەکان .

### ب- مەسەلە عێراقی یەکان:

1- بەشداریکردن لە بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراسی فیدرالی پەرلەمانی فرەیی یەکگرتوو .
2- هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە تیرۆرو توندوتیژی و گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بۆ سەراسەری وڵات .
3- ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێ لە پێناو باڵادەستی نەتەوەیی یاخود مەزهەبی و هەرشێوازێکی ستەمکاری و تاکڕەوی لە عێراقی ئایندەدا.
4- پشتیوانیکردن لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی عێراق لەگەڵ هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا بەجۆرێک کە خزمەتی چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی نلوچەکەو سەربەخۆیی عێلق و دەستەبەرکردنی مافەکانی پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا بێت .
5- کارکردن لە پێناو ئەولەویەتدان بەو ناوچانەی لە سایەی ڕژێمی دکتاتۆری پێشوودا زیانی زۆرتریان بەرکەوتووە لەکاتی دیاریکردنی بوودجەی نیشتیمانیدا .
6- خەباتکردن لە پێناو سڕینەوەی ئاسەوارەکانی کلتووری بەعس و بڵاوکردنەوەی بیری میانڕەوی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ڕۆشنبیریی مافەکانی مرۆڤ .
7- ڕێکخستنەوەی پەیوەندی عێراق لەگەڵ هێزە ناوچەیی و دەرەکییەکاندا بە جۆرێ لە خزمەتی چەسپاندنی ئاشتی وئاساییشی ناوچەکەو سەربەخۆیی عێراق و دەستەبەرکردنی مافەکانی پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا بێت .

### ج- مەسەلە سیاسیە گشتیەکان:

1- کارکردن بە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دەستووری و پراکتیکی .
2- بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی دارایی و ئیداری و سیاسی لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا .
3- کارکردن لەپێناو چەسپاندنی بنەمای هاووڵاتێتی یەکسان.
4- کارکردن لەپێناو دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سامان بەجۆرێک دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێنێتە دی .
5- هەوڵدان بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی دادگا و سەروەری یاسا .
6- ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە تۆمەتبارکردن و دەستگیرکردنێکی نایاسایی و پێداگرتن لەسەر فەردی بوونی سزاکان.
7- تێکۆشان لە پێناو بەرفراوانکردن و قوڵکردنەوەی ماف و ئازادیە سیاسیەکانی هاوڵاتیان لە وێنەی: مافی دەنگدانی ئازادو نهێنی دوور لە هەر جۆرە گوشار و سانسۆڕێکی حکومی لە گشت هەڵبژاردنەکاندا، مافی خۆپاڵاوتن، مافی دامەزراندنی حیزبی سیاسی و ڕێکخراوەی جەماوەری و سەندیکا پیشەییەکان، ئازادی ڕا دەربڕین، ناڕەزایی دەربڕین، مافی بەشداریکردن لە دەسەڵات و گرتنەدەستی پۆست و پلەو پایە حکومیەکان.
8- پاراستنی باڵایەنی حکومەت لەهەر دەستێوەردانێکی حیزبی .
9- پشتیوانیکردن لەگەشەدان بە میدیای ئازاد و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە چوارچێوەی یاسادا.
10- پشتیوانیکردنی لە دام ودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەپێدانیان .

### <u>دووەم/ بواری کۆمەڵایەتی :</u>

1- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەو دوورخستنەوەی خەڵکی لە ڕەفتار و دیاردە دزێو و نادروستە کۆمەڵایەتییەکان .
2- کارکردن لە پێناو کردنەوەی بنکەی جۆراوجۆری چاودێریکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت و گەشەدان بە تواناکانیان.
3- داکۆکیکردن لە ڕۆڵی ئیسڵاحیانەی مزگەوت و زانایانی ئاینی و پارێزگاری کردن لە کەسێتی و مافەکانیان .
4- هەوڵدان بۆ ئاسانکاریکردن لە پێناو پێکەوەنانی خێزان لەڕێی دانانی سندوقی خێزان و پێشینە ( سلفە )ی تایبەت و یارمەتیدان بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون و کەمکردنەوەی بەربەستە کۆمەڵایەتیەکان.
5- هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونی خەڵک لە مەڕ ئەو بۆچوون و نەریتانەی بەرگی ئاینیان لەبەرکراوەو هیچ بنەمایەکی شەرعی و زانستیان نیە .
6- هەوڵدان بۆ دابینکردنی لای کەمی ئاستێکی شیاوی گوزەران بۆ کەم ئەندام و پیرو پەککەوتەو بێ سەرپەرشت و هەموو ئەوانەی توانای کارکردن و خۆ ژیاندنیان نییە .
7- چاکسازیکردن لە بواری زیندانەکاندا و هێنانەدی هەلومەرجێکی گونجاوتر بۆ زیندانییەکان .
8- هاندانی کارىخێرخوازی و دروستکردنی ڕێکخراوی خێرخوازیی خۆماڵی .
9- هەوڵدان لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکی نێوان هۆزو بنەماڵەکان و گەرمکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان .
10- هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ پابەندبوونی زیاتر بە بەها ئیسلامیی وکۆمەڵایەتیەکانەوە.
11- پارێزگاری کردن لە بەهاکانی خێزان و داڕشتنەوەی پەیوەندیەکانی ناوەوەی لەسەر بناغەی ڕێزو خۆشەویستی.
12- داکۆکیکردن لە مافەکانی منداڵان .
13- داکۆکیکردن لە پێناو بەرەوپێشبردنی بزافی لاوان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان .
14- کارکردن لەپێناو کەمکردنەوەی بێکاری و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و فراوانکردنی هەلی کارکردن.

**سێیەم/ بواری ئافرەتان:**

1- هەوڵدان بۆ ئەوەی حكومەت لە رووی كارگرتنە دەست و مۆڵەت وەرگرتن و سەعاتی كارو مۆڵەتی دایكایەتی و خانەنشین بوون ، رەچاوی تایبەتمەندی ئافرەت بكات.
2- بەرەنگاربوونی هەموو ئەو داب ونەریتە كۆمەڵایەتی و تێگەیشتنە هەڵانە لە ئاین كە دژ بە ماف و ئازادیەكانی ئافرەتن و رێ لە گەشەدان بەكەسێتی ئەو دەگرن .
3- رووبەرووبوونەوە و قەدەغەكردنی هەموو شێوازێكی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان و سزادانی نایاسایی و كوشتنی لەسەر بناغەی تۆمەت و سزادانی بكەرەكانیان .
4- پەرەدان بە چاودێریكردنی ژنانی پیر و خاوەن پێویستی و دەروون ناتەواو.
5- هوشیاركردنەوە و هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی بەشداری و رۆڵیان لەبواری سیاسی و ئابووریوكۆمەڵایەتیدا زیاتر بێت .
6- مامەڵەكردن لەگەڵ رێكەوتنە نێودەوڵەتییە تایبەتەكان بە ئافرەت بە جۆرێ كەسێتی ئافرەتی كوردستان تێیدا پارێزراو بێت.
7- هەوڵدان بۆ دابینكردنی مووچەی تایبەت بە ئافرەتانی ماڵەوەو ، هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی تواناكانیان .
8- یەكسانی ئافرەت و پیاو لەبەرامبەر تاوانی هاوشێوە و هەمواركردن و گۆرینی هەرماددە و پڕگەیەكی یاسایی كە پێچەوانەی ئەم یەكسانییە بێت.
9- بایەخدانی تایبەت بە ئافرەتانی گوندنشین و پاراستنی مافەكانیان .

**چوارەم/ بواری فكر و رۆشنبیری و زانستی:**

1- كردنەوەی دام ودەزگای رۆشنبیریی جۆراوجۆر بەمەبەستی پەرەدان بە توانا رۆشنبیریەكان و بەهێزتركردنی رەوتی فكرو هونەرو زانستی و پشتیوانی كردنیان .
2- پشتیوانیكردن لەهەموو ئەو هەوڵانەی لەلایەن روناكبیرە ئیسلامخوازەكانەوە دەدرێت بەمەبەستی ئیسڵاح و تازە كردنەوەی فكری ئیسلامیی و تیۆریزەكردنی.
3- بایەخدان بە بوژاندنەوەو پارێزگاری كردن لەكەلەپووری كوردی وپاراستنی شوێنەوارە مێژووییەكان.
4- خوڵقاندنی كەش وهەوایەكی گونجاو لەناو ریزەكانی حیزبدا بەمەبەستی گەشەدان بە توانا رۆشنبیری و زانستی و هونەریەكان و پشتیوانیكردنی ماددی و مەعنەوی لێیان.
5- بانگەشەكردن بۆ حیواری فكری نێوان تەوژمە فكری و سیاسیەكانی كوردستان و عێراق.
6- پەروەردەكردنی ئەندامان بە رۆشنبیریەكی ئیسلامیی و نیشتیمانی.
7- هاندانی لێكۆڵینەوەی زانستی و پشتیوانیكردن لە زانا و پسپۆرەكان بۆ دابینكردنی ژیان و ئازادی لێكۆڵینەوە.
8- هەوڵدان بۆ قوڵكردنەوەی حیواری نێوان ئایین و مەزهەبەكان و بەشداریكردن تیایدا.
9- بایەخدان و بواررەخساندن بۆ بەهرەمەندان و داهێنەران لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا .
10- پشتگیریكردن لەهەڵمەتەكانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ، خوێندنی تەوزیمی لەگشت قۆناغەكاندا .

**پێنجەم/ بواری ئابووری :**

1- هەوڵدان بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری .
2- پاراستن و پەرەپێدانی سەرچاوەكانی ووزە .
3- چارەسەری گرفتەكانی هێزی كارو بەگەڕخستنی ووزەو بەهرەكانیان و باشتركردنی گوزەرانیان .
4- گەشەدان بە بزاوتی بازرگانی ناوخۆیو دەرەكی و ئەنجامدانی ئاسانكاری یاسایی و ئیداری پێویست لەو بوارەدا .
5- بەگەڕخستنی سەرمایە سنووردارەكان و باشتركردنی باری گوزەرانی خاوەنەكانیان .
6- كاركردن لە پێناو گۆڕانی ئابووری وڵات لە ئابووریەكی بەكاربەرەوە لە زۆربەی بوارەكاندا بەرەو ئابووریەكی بەرهەمهێنەر و كەمكردنەوەی پشت بەستن بە كەلوپەل و شمەكی هاوردەی دەرەوە .
7- گرنگیدان بە بوژاندنەوەی زیاتری كەرتی كشتوكاڵ بە شێوەیەكی زانستیانەی نوآ، بەپشت بەستن بەئەزموونە هاوچەرخەكان .
8- رێكخستنەوەی سیستمی باج لەسەر بناغەی رەچاوكردنی باری هاووڵاتی و هێنانەدی بەرژەوەندیە گشتییەكان .
9- پشتیوانیكردن لەگەشەدان بەكەرتی تایبەت و سەرمایە گوزارە خۆماڵیەكان .
10- هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی گوندەكان و گەشەپێدانی باری ئابووریان و سوودوەرگرتن لەبەرووبوومی جوتیاران .
11- پارێزگاری لە ژینگە و سامانە سروشتیەكان .
12- كاركردن بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری ئابووری .
13- هەوڵدان بۆ هێنانەكایە و كاراكردنی بانكی ئیسلامیی لە كوردستاندا .
14- پشتگیریكردن لە كۆمپانیای پشكداری و كارگەی جۆراوجۆرو بەنداوی ئاویی ... هتد .

**شەشەم/ بواری كاروباری لاوان و وەرزش :**

1- بایەخدان بەلاوانی بەهرەمەندوو گەشەپێدانی تواناكانیان .
2- گرنگیدان بەپەروەردەی لاوان و هەوڵدان بۆ پاراستنیان لە لادان و ئالودەبوون بە ماددە سركارەكان .
3- بایەخدان بە بزافی وەرزش و خزمەتكردنی زیاتری وەرزشوانان و گرنگی زیاتر بەیانە وەرزشیەكان .
4- گرنگیدان بەكێشەكانی لاوان و كاركردن بۆچارەسەركردنیان .
5- بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری لاوان لەرێگەی كردنەوەی ناوەندی رۆشنبیرو فكری .

**میكانیزمەكانی كاری یەكگرتوو:**

1- پیادەكردنی كاری سیاسی رێكخراوو دەركردنی بەیاننامە و راگەیاندنی هەڵوێستی سیاسی.
2- پشت بەستن بە حیواربۆ یەكلایكردنەوەی ناكۆكیەكان و چارەسەركردنی كێشەكان.
3- بەكارهێنانی گشت هۆكارەكانی راگەیاندن.
4- گرێدانی كۆنگرەو كۆڕو كۆبونەوەی گشتی و تایبەت و بەشداری كردن تیایاندا لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.
5- بەشداریكردنی لە سەندیكا پیشەیو رێكخراوەجەماوەریە تایبەتەكان بە گشت توێژە پیشەییەكان.
6- كردنەوەو دامەزراندن و پشتگیری كردنی دەزگاو پرۆژەی خێرخوازی و فێركاری و هونەری و رۆشنبیری و وەرزشی.
7- بەكارهێنانی میكانیزمەكانی كاری سیاسی وەک بەشداریكردن و ئۆپۆزسیۆن بوون و بەشداری نەكردن و هاوپەیمانێتی وئیئتیلافكردن وكاری بەرەیی و مانگرتن و رێپێوان و هاوكاریكردن لەگەڵ لایەنەكانی تردا

Copyright 1999-2009 www.kurdiu.org Created by C4kurdGroup